00468-7519105
00468-7510412

هەولێر-کوردستان

بۆ کۆمیتەی ئامادەیی یادی ساڵەگەردی مامۆستای نووسەر و
سیاسەتمەداری تێکۆشەری کورد کەریم حیسامی

بۆ بنەماڵەی مامۆستا کەریم

بەڕێزان

ساڵێک لەمەوبەر گەلی کوردمان ڕۆڵەیەکی
دڵسۆز و نووسەرێکی لێهاتوو و تێکۆشەرێکی چاونەترس و
ماندوونەناسی خاوەن هەڵوێستی لەدەستدا، لە
٦/١٠/٢٠٠١ دڵە گەورەکەی کاک کەریم حیسامی لە
لێدان وەستا.

من لە ساڵی ١٩٦٨-ەوە ئاشنایەتیم لەگەڵ
کاک کەریم پەیدا کردووە و بۆ ماوەی پێنج ساڵیش
هاوکاریم کردووە لە دەرکردن و بڵاوکردنەوەی
ڕۆژنامەی - سەردەمی نوێ - دا و تا دەرچوونی بەرگی
هەشتەمی - بیرەوەرییەکانی - زێڕ بە زێڕ خوێندوومەتەوە و
چەندان جاریش تێبینی تایبەتم لەسەر هەندێ کەس و
ڕووداو داوە.

بەڕێزان

کارکردن لەگەڵ کاک کەریمدا ئاسان و زەحمەت بوو،
ئاسان بوو، چونکە ئەو کەلە پیاوە، ماندوونەناس و قسەخۆش
بوو، لە کارکردن لە پێناو سەرکەوتنی کێشەی ڕەوای

=له‌له‌كه‌ی و خه‌باتی رزگاریخوازی و مافی زه‌حمه‌تكێشانی كوردستان و گه‌لانی به‌ش خوراودا دریغی نه‌ده‌كرد.

كاك كه‌ریم بڕوای ته‌واوی به‌ بلۆكی سۆسیالیستی و بیری سۆسیالیستی زانستی هه‌بوو و له‌ روانگه‌ی جیهانبینی ماركسیه‌وه رووداوه‌كانی لێكده‌دایه‌وه، له‌گه‌ل ئه‌وه‌شدا كاك كه‌ریم وه‌ك زۆربه‌ی چه‌په‌كانی ناوچه‌كه‌ فریوی به‌ هه‌ندێ دروشمی بریقه‌دار نه‌خوارد بوو و به‌ ئاشكاری له‌ نامیلكه‌ی ،، بادانه‌وه‌ ،، دا ره‌نگی داوه‌ته‌وه‌. كاك كه‌ریم به‌ بڕوای خۆی و به‌ قه‌ناعه‌تی منیش به‌رژه‌وه‌ندی بزاڤی رزگاریخوازی گه‌له‌كه‌ی له‌ سه‌رووی به‌رژه‌وه‌ندی یه‌كانی تر داده‌نا و بۆ ساتێكیش دریغی نه‌ده‌كرد له‌ به‌رگری كردن له‌ مافه‌ ره‌واكانی زه‌حمه‌تكێشانی كوردستان و ڕیسواكردنی هێزه‌ ته‌ریكایه‌كانی كۆمه‌ڵگای كورده‌واری و داگیركه‌رانی كوردستان.

زه‌حمه‌تی كاركردن له‌گه‌ل كاك كه‌ریمدا، له‌وه‌دا خۆی ده‌نواند - مه‌به‌ستم له‌ بواری رۆژنامه‌گه‌ریدا - هه‌رچه‌نده‌ له‌یه‌ك به‌ره‌ی چه‌پدا بووینه‌، به‌ڵام هه‌ڵویستمان له‌ هه‌ڵسه‌نگاندنی رووداوه‌كانی كوردستان و هه‌ڵویست له‌ ده‌وڵه‌تانی سۆسیالیستی پێشوو، بۆچوونی جیاوازمان هه‌بوو، به‌ تایبه‌تی له‌ نووسینی سه‌روتاركه‌ ده‌ربڕی رێبازی رۆژنامه‌كه‌ بوو - سه‌رده‌می نوێ - ، به‌ڵام هه‌ردوولامان له‌ سه‌ر ئه‌وه‌ رێكه‌وتبوینه‌ ئه‌گه‌ر - له‌ سه‌ر هه‌ر بابه‌تێك بۆچوونمان جیاواز بوو، ئه‌وه‌ سه‌روتاره‌كه‌ به‌ ناوی خاوه‌نه‌كه‌ی بڵاو ده‌كرێته‌وه‌. هه‌روه‌ها هه‌ڵویستی جیاوازمان هه‌بوو ده‌رباره‌ی حیزبی دیموكرات و سه‌ركردایه‌تی ئه‌و حیزبه‌، ئه‌مه‌ش به‌ ئاشكاری له‌ سه‌رده‌می نوێ دا ره‌نگی داوه‌ته‌وه‌.

بەڕێزان

ئەگەر مرۆڤ بیەوێ لەسەر هەموو بەرهەمەکانی و خەباتی
سیاسی کاک کەریم بدوێ، بێگومان دەبێ سەدان لاپەڕە پڕبکاتەوە.
کاک کەریم گەنجینەیەکی دەوڵەمەندی بۆ نەوەکانی داهاتوو بەجێهێشتووە،
پێویستە دوور لە سۆز و ناحەزی تایبەتی و بە شێوەیەکی
بابەتیانە هەڵبسەنگێنرێتەوە و بخرێتە بەر باس و لێکۆڵینەوەی زانستی،
چونکە بەداخەوە هەندێ کەس لە دۆست و ناحەزانی کاک کەریم
کە هێشتا لە ژیاندا بوو، لێرە و لەوێ گازندەیان لە بیروبڕوایەکانی
دەکرد، بەڵام تا کاک کەریم لە ژیاندا بوو، بە دەگمەن چەند دێڕیان
لە سەر نووسیوە، هیوادارم لەوانە کە لەمەودوا لە سەر بیروبڕوایەکانی
کاک کەریم دەنووسن، گلەیی پاش مردوو نەبێ، بەڵکو بابەتیانە و
دوور لە ڕق و کینە قەڵەم بگرنە دەست.

هەزار سڵاو لە یادی مامۆستا کەریمی حیسامی ی
نووسەر و لێکۆڵەر
ڕەوانی شاد.

[signature]

دکتۆر
جەمشید حەیدەری
هەولێر - کوردستان
٢٠٠٢ / ١٠ / ٢